مەهاباد قەرەداغی

# دیدگای دیموکراتییەکی لیبرال
## (ئەلتەرناتیڤێکی هاوچەرخ بۆ ڕووانین لە کوردستاندا)
### (بەشی یەکەم)

ماوەیەکە گفتوگۆیەک سەبارەت بە ڕیفۆرم لە ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە چەند پرۆژەیەکی پێشنیارکراودا دەستی پێکردووە. ویست و ئارەزووی گۆڕانکاری لە نێو هەر حیزبێکدا باس بکرێت، هۆکارەکەی هەرچییەک بێت، خۆی لە خۆیدا ویستێکی پۆزەتیفە و، قسەکردنیش لەبارەیەوە چ لە لایەن ئەندامانی حیزبەکەوە بێت، یان لە لایەن ڕووناکبیرانەوە بەگشتی، ناوەڕۆکی پرۆژەکان دەوڵەمەندتر و، میکانیزمەکانی پیادەکردنی دیارتر دەکات. خۆ ئەگەر میکانیزمەکانی ئەو ڕیفۆرم و گۆڕانکارییە بخرێنە گەڕ و پرۆسەکە دەست پێ بکات، مانای ئەوەیە قۆناغێکی گرنگ لە سوڕی ژیانی ئەو پارت یان ڕێکخراوەدا دەست پێدەکات، دەکرێ ناو بنرێ قۆناغی نوێبوونەوە.

لە دوای هەر خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی کە لە جیهان، لە ناوچەکە و لەناوخۆی ئەو وڵاتەدا ڕوودەدات، ئیدی ئەو وەرچەرخانە لە بواری سیاسی بێت، یان ئابووری، یان کۆمەڵایەتی و کلتووری، پێویستی (قۆناغی نوێبوونەوە)ش بۆ حیزبەکان دێتە ئاراوە. چونکە:

- حیزب ئۆرگانێکی کۆمەڵایەتییە،
- بۆ ئامانجێکی سیاسی کار دەکات و،
- لە پێناوی پێویستییەکانی کۆمەڵگەدا دامەزراوە و،
- کلتووری ئەو کۆمەڵگەیە سەرچاوەی کلتووری حیزبە و،
- خەڵکی ئەو کۆمەڵگەیە ئەندامەکانی ئەو حیزبانەن و،
- ئەو حیزبانە دەوڵەت بەڕێوەی دەبەن و،
- دەوڵەتەکان دراوسێ بن یان دوور لە یەک پێکەوە لە پەیوەندییەکی بەردەوامدان.

کەواتە، هەموو ئەمانە کاریگەریی لەسەر یەکتر دادەنێن و لە کاتی گۆڕانکاری لە هەر یەکێکیان ئەوانی دیکەش بۆ گۆڕان ساز دەکات، یان پێویستی گۆڕانی بۆ دێنێتە ئاراوە.

لە پانزە ساڵی ڕابردوودا چەندان ڕووداوی زۆر گرنگ لە کوردستان، لە عێراق، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە جیهاندا ڕوویان دا کە هەندێکیان ڕووداوی وەرچەرخێنەری مێژوویی بوون و، کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر کورد هەبووە. فاکتەری سیاسی و فاکتەری ئابووری وەک پێکهێنەری شەڕ و ئاشتی، لە ڕووداوەکانی جیهاندا ڕۆڵی کاریگەریان گێڕاوە. کوردستان، کە نزیکی سەدەیەک بەهۆی هەمان دووفاکتەر و هاوکێشەی بەرژەوەندی (ئابووری_سیاسی)ی نێونەتەوەییەوە لە

پەراوێزدا بۆ کاتی پێویست وەک یەدەک دانرابوو، هاوکێشەکە لە کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا ئەو پێویستییەی هێنایەگۆڕێ و، بەرژەوەندیەکان کوردیان بە ڕۆژئاواوە گرێ دایەوە و کوردستان و کورد هاتنەوە نێو گۆڕەپانی جیهان و، بوون بە بەشێک لێی.

بەو پێیەش کە حیزبەکانی ئێمە لە سەردەمی پەراوێزبوونی کوردستان و کۆمەڵگەی کورددا دامەزراون و، ماوەیەکی دوورودرێژ خەباتی چەکداری وەک میتودێکی پێویست بەو قۆناغە، تاقە ئامراز بووە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کورد، بۆیە سترکتوور و کلتووری ئەو حیزبانە بە پێی ئەو قۆناغە بنیات نراون و پێویستییەکانی ئەو دەمەیان پڕکردۆتەوە. یەکەمین قۆناغ بۆ خۆنوێکردنەوەی حیزبەکانی کوردستان و، بە تایبەتی پارتی و یەکێتی، پێویست بوو هەر ڕاستەوخۆ لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری **1991** دەست پێبکات، چونکە ڕووداوێکی مێژوویی وەرچەرخێنەر بوو قۆناغی شاخ و خەباتی چەکداری گواستەوە و ژیانی شارستانی و پێویستییەکانی قۆناغی شارستانی سترکتوورێکی نوێ و، کلتوورێکی نوێی لە هەموو حیزبەکان دەخواست.

مەخابن پانزەساڵ پێش ئێستا ئەو نوێبوونەوەیەی کە پێویست بوو، نە لە سترکتوور و نە لە کلتووری حیزبەکانماندا دەستی پێنەکرد. پەرلەمان و حکومەت دامەزران و، پارتی و یەکێتی وەک دوو حیزبی بنکەفراوانی نێو جەماوەر بەڕێوەبردنی کوردستانیان گرتەئەستۆ و بوون بە هاوبەش لە پێکهاتەی ئەو دوو ئۆرگانە دەوڵەتی و مەدەنییەدا. پەرلەمان و حکومەت وەک دوو هێمای سیستەمی دیموکراتی لە ڕووی سترکتوورەوە شێوەیەکی مەدەنییان پێدرا بەڵام وەک کلتوور هەمان کلتووری حیزبەکان بەڕێوەیان دەبرد بوو، کە کلتوورێکی پڕ لە ململانێی سەردەمی شاخ و سەردەمی ئۆپۆزیسیۆنێتی ئەوان بەرامبەر بە ڕژێمی داگیرکەر. ئەم کلتوورە لە پێکدادانێکی بەردەوامدا بوو لەگەڵ ڕیالیتەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووری نوێی کوردستان کە بە کاریگەری گۆڕانەکانی دنیا لەگۆڕاندا بوون.

یەکێک لەئاکامەکانی ئەو ململانێیەپێکدادانانە شەڕی ناوخۆیی بوو، کە تەنانەت پەرلەمانیش تیایدا بووە سەنگەر، چونکە کلتووری پیادەکراوی نێو پەرلەمان هەمان کلتوور بوو. ئەم ململانێیە پێنج ساڵ هەموو پرۆسەیەکی گەشەسەندنی خاوکردەوە و دابڕانێکی جوگرافی لە بەشێکی بچووکی ئازادکراو لە کوردستان دروست کرد، کە دواتر ئەو دابڕانە لە کلتوور و زمان و ڕووانینیشدا ڕەنگی دایەوە.

بۆ ئاشتبوونەوەی پارتی و یەکێتی هەوڵ و هێزی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی کەوتنەگەڕ و هێشتاش ماوەیەکی زۆری خایاند تا گەیشتنە ڕێککەوتن. بەڵام دوای ئەو ڕێککەوتنەش دیسانەوە ماوەیەکی زۆری تری خایاند تا گەیشتنە سەر باوەڕی پێکەوەکارکردن و بەهاوبەشی بەڕێوەبردنی کوردستان. لە **7-5-2006** ئیدارەکانی حکومەت دوای دە ساڵ دابڕان، پێکەوەنووسێنرانەوە.

ڕاستە ئەمە خاڵێکی وەرچەرخانی دیکەیە، بەڵام کێ ئەم خاڵە دەپارێزێ و دەیکاتە خاڵی دەستپێک بۆ گەشەسەندنێکی خێرای ئابووری و سیاسی و، پەرەسەندنێکی گونجاو و کۆنترۆڵکراوی کۆمەڵایەتی و کلتووری، کە ئێستا زەمینەیان بۆ سازە لە کوردستاندا. پارتی و یەکێتی بە هەمان سرکتوور و کلتووری حیزبی خۆیانەوە (کە گۆڕانی جەوهەری بەسەرنەهاتووە)، کاربکەنەوە پێکەوە، گەرەنتییەک بۆ پاراستنی ئەو خاڵی وەرچەرخانە بەدی نایەت کە ئێستا لە هەردوو هێما و سیمای پەرلەمان و حکومەت دا خۆدەنوێنن. بۆیە پێویستیی گۆڕان لە نێو پارتی و یەکێتی دا، لە پێناوی گەرەنتیکردنی ئایندە بووەتە پێویستییەکی حەتمی.

بۆ کارکردنی هەردوولا پێکەوە و لە حکومەتێکی یەکگرتوودا، زەمینەسازییەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی پێویست بوو، بەڵام ئەو زەمینەسازییە ئێستاش و هاوکاتیش بێت لەگەڵ دەستپێکی کارەکانی حکومەتدا هەر باشە و دەشێ ئەنجامی باشی هەبێت. یەکێتی ماوەیەکە باس لە ڕیفۆرم دەکات و چەندان پرۆژەی خستۆتە ڕوو، ئەگەرچی هێشتا هیچ یەکێک لەو پرۆژانە نەخراونەتە بواری پراکتیکەوە، بەڵام هەر بیرلێکردنەوەش لە پرۆژەی وا خۆی لە خۆیدا مەیلێکی پۆزەتیفە، ئەگەر قۆناغی تیۆرییەکەی لەوە زیاتر نەخایەنێ و دەست پێ بکرێت. بەڵام هیچ یەکێک لە حیزبەکانی دی هێشتا باس لە خۆنوێکردنەوە ناکەن. حیزبەکانی دی خاوەنی بنکەیەکی فراوان نین، لەگەڵ ئەوەشدا ڕیفۆرم و ڕیئۆرگانیزەکردنی خۆیان سوودێکی دوو لایەنەی هەیە، لە لایەکەوە ئەو گۆڕانکارییە دەبێتە هۆی گونجانیان لەگەڵ سەردەمی نوێی کوردستان و بە تایبەت کە ئەوانیش بەشدارن لە پێکهاتەی حکومەت و پەرلەمانی کوردستاندا، لە لایەکی دیکەوە تازەسازی داهێنەرانە لە نێو بەرنامەیاندا دەشێ بنکەیان لە نێو خەڵکدا فراوانتر بکاتەوە و، بەوەش دەسەڵاتی حیزبە بچووکەکان پتر بکات.
پارتی دیموکراتی کوردستانیش هێشتا باسی لە گۆڕانکاری نەکردووە، کە حیزبێکی بنکەفراوانە و بەتەمەنترین حیزبیشە لە باشووری کوردستاندا. ڕەنگە لە ماوەی تەمەنی خۆیدا چەندان گۆڕانکاری بچووک لە بەرنامەیدا کرابێت، بەڵام گۆڕانکاری جەوهەری کە ئامادەی بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ قۆناغی نوێ لە جیهان و لە ناوچەکە و لە کوردستان، هێشتا وەک پرۆژەیەک (بۆ ڕای گشتی) نەخراوەتە ڕوو. بە بڕوای من پارتیش پێویستی بەخۆنوێکردنەوەیەکی تەواو هەیە، هەم لە ڕووی سترکتوور و هەمیش لە ڕووی کلتوورەوە.

سیستەمی فرەحیزبی لە کوردستاندا (بەچاوپۆشین لە کەموکوڕییەکانی کلتووری حیزبەکان) سیمایەکە لە سیماکانی دیموکراتی، بەڵام (بەچاونەپۆشین لە کەموکوڕییەکان) دیمەنەکە دەبێتە دیموکراتییەکی ناتەواو، بۆیە گرنگە لە پێناوی تەواوکردنەوەی ئەو ناتەواوییە هەمیشە حیزبەکانی کوردستان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی جیهان و ناوچەکە و ناوخۆ بەخۆدابچنەوە و خۆڕێکبخەنەوە و، ڕیفۆرم لە نێوخۆیاندا دەستپێبکەن. لیبرالیزەکردنی دیموکراتی، دیاریکردنی پرنسیپی مرۆڤانە، گەشەپێدانی ئازادی و ئازادی تاک، دابەشکردنی دەسەڵات بە شێوەی شاقۆڵی، بەکارهێنانی پێوەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری مۆدێرن بۆ ڕەفتارکردن لەگەڵ دیاردەکان، گەشەپێدانی دیسپیلین و هتد ئەو خاڵە جەوهەرییانەن کە

دەکرێ زۆر ژییرانە و ڕۆژانە پەرەیان پێ بدرێت و لە ژیانی ڕۆژانەی ئەندام و هەوادارانداا بایەخی پێ بدرێت و پیادەبکرێت.

"یەکێتی و پارتی" دوو حیزبی بنکەفراوانی گۆڕەپانی سیاسی کوردستانن، هەر کەموکوڕییەک لەنێو سترکتوور و کلتووری ئەواندا ڕەنگدانەوەی بەسەر هەموو کۆمەڵگەدا هەیە و، بە پێچەوانەشەوە هەر ئاڵوگۆڕێک بە ئاراستەی ڕیفۆرم و گۆڕان، ڕەنگدانەوەی ئەرێنی بەسەر هەمووکۆمەڵگەدا هەیە. بۆیە بە گرنگی دەزانم ڕووناکبیران بەپەرۆشییەوە لە ویستی گۆڕانخوازەکانی نێو هەر حیزبێک بڕوانن و، بە هۆشیاری و بایەخەوە پرۆژەکانیان تاوتوێ بکەن، یان تەنانەت پرۆژەی نوێیان بۆ پێشنیار بکەن. چونکە هەندێ جار، ڕووناکبیرێ یان سیاسییەکی چاودێر باشتر لە ئەندامانی نێو حیزبەکە کەموکوڕیەکان دەبینێ و، وردتر لەو قەیرانە دەگات کە حیزبێکی دیاریکراو تێیدایە. ڕێک وەکو ئەوەی کاتێ لە پەنجەرەیەکەوە دەڕوانیتە ژوورێک، یان لە سەربانێکەوە دەڕوانیتە حەوشەیەک باشتر دەیبینی وەک ئەوەی لەنێو ژوورەکەدا، یان حەوشەکەدا بیت. ئەم لەسەرەوە و لەدەرەوە ڕووانینە بۆیە دەتوانێ باشتر کەموکوڕییەکان ببینێ، چونکە چاوی عەقڵ و هێزی لۆژیک لەو کەسەدا زاڵترە بەسەر چاوی سۆز هاوهەستی کە لە ئەندامەکاندا هەیە بەرامبەر بە حیزبەکانی خۆیان و کەموکوڕییەکانیان نابینن، یان فەرامۆشی دەکەن.

پارتی دیموکراتی کوردستانیش حیزبێکی بنکەفراوانە و لە ئەمڕۆدا وەک هێزێکی کاریگەر ڕەنگدانەوەی بەرنامەکەی بەسەر کۆمەڵگەوە دیارە. کە هێشتا خۆی هیچ پرۆژەیەکی بۆ ڕیفۆرم لەبەرنامەی خۆی و لە کلتوور و سترکتووری خۆیدا نەخستۆتە ڕوو، مانای ئەوە نادا کە لە دەرەوەڕا هەست بە پێویستی گۆڕانێکی بنەڕەتی نەکرێت لەناویدا. ئەی بۆ پرۆژەی لەو جۆرە لە نێو تیۆریسێن یان ئەندامانی پارتیدا ناخرێتە گەڕ، بە تایبەتی چونکە ئێستا پدک حیزبێکە سەرۆکەکەی سەرۆکایەتی کوردستان دەکات و، یەکێک لە سەرکردە کاراکانی سەرۆکایەتی حکومەت دەکات و ڕۆڵی ئەوان کلیلی و چارەنووسسازە بۆ گەلی کوردستان و، گۆڕانکاری لە حیزبەکەیاندا بە گەشەدان بە شوناس و ناوەڕۆکی بەرنامەی لەسەر بارودۆخی گشتی کوردستانیش کاریگەری پۆزەتیڤی دەبێت.

(پدک)، هەروەک (ینک) پێویستی بە بایەخدانە بە ڕیفۆرم و دووبارەداڕشتنەوەی بەرنامەیەکی نوێی هاوچەرخ. دەشێ هەر یەکێ پێشنیاری بەشێک لەو ڕیفۆرمە و پێویستییەکانی ئەمڕۆی بکەین. من لەم وتارەدا بەجەختکردنەوە لەسەر پێویستی گۆڕانکاری، دەمەوێ باس لە (دیدگای دیموکراتی لیبراڵ) بکەم، کە دەشێ دەروازەیەکی گونجاو بێت بۆ دەستپێکی گۆڕان لە ناو ینک و پدک دا. ئەمەی من پێشنیاری دەکەم تەنها ڕامانێکی خۆمە بۆ ئەڵتەرناتیڤی سیستەمی بیرکردنەوەی نوێ بۆ حیزبەکان کە بە گونجاوی دەبینم و، ڕەنگە کەسانی دیکە بۆچوونی دیکەیان هەبێت لەبارەیەوە. ئەم دیدگایە زیاتر جەخت لەسەر تاک دەکات، بەرەچاوکردنی ئەوەی کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو بوژانەوەیەکی ئابووری خێرا دەڕوات بەهۆی سیستەمی بازاڕی ئازاد و کاریگەری پرۆسەی گلوبالیزەی ئابووری کە پشکێکیشی گەیشتوەتە

کوردستان و کۆمپانیا فرەڕەگەزەکانی تێدا کارایە، کە ئەمانە خۆیان زەمینەی ئیندیڤیدوالیزم (تاکگەرایی) لە کۆمەڵگەدا خۆش دەکەن. کلتووری ئێستای حیزبەکانی کوردستان لەسەر بنەمای گروپگەرایی بنیاتنراون، کە لەمەودوا زیاتریش لەکەڵک دەکەون. لە دیدگای پێشنیارکراودا، حیزب تاکی لیبراڵ لەنێو خۆیدا موتوربە ناکات، بەڵکە دەتوانێ سوود لە ئۆتۆنۆمی تاک وەربگرێ. لەم دۆخەدا نە حیزب تاک لە گەشە و داهێنان دەخات ، نەش تاک دوورەپەرێز لە پەرواوێزی حیزبەکانەوە دەبێتە تەماشاکارێکی پاسیڤ.

## دیدگای دیموکراتی لیبراڵ

لە پێکەوەەستنەوەی ئەم سێ دەستەواژە سیاسییەدا، ڕێبازێکی نوێی پیادەکردنی جیهانبینی، شێوازێکی نوێی پیادەکردنی کارنامەی سیاسی بەدی دەکرێ، کە بە بڕوای من دەکرێ لە کوردستانیشدا حیزبەکان بەهرەی زۆری لێ وەربگرن بۆ دووبارە خۆڕیکخستنەوە و دووبارە بنیاتنانەوەی سترکتووری خۆیان و، دووبارەداڕشتنەوەی بەرنامە و کارنامە و نۆرمەکانی خۆیان کە پێکهاتەی سەرەکی کلتووری حیزبن.

دەشێ هەر حیزبێک بەهرە لە دیدێکی لەم جۆرە وەربگرێت، پدک بێت یان ینک یان هەر حیزبێکی دیکەی کوردستان، بەڵام ئەوحیزبانەی کە ئاراستەیەکی دیموکراتیان هەڵبژاردووە و، دەستەواژەی دیموکراتی بەناو و شووناسیانەوە بەندە، ڕەنگە بتوانن ئاسانتر و زیاتر سوودمەند بن بەم ڕێبازە، بە تایبەت ئەگەر لەنێو سەرکردایەتییاندا کەسێکی سەرەکی یان چەند کەسێک هەبن، خوازیاری گۆڕان بن و هەڵگری نۆرمەکانی لیبرالیزمی دیموکراتی بن. خۆشبەختانە لە نێو هەر یەک لە حیزبەکانی کوردستاندا کەسی لەم جۆرە هەیە. پارتی دیموکراتی کوردستان، هەڵگری دەستەواژەی دیموکراتییە و، لەڕۆژی دامەزراندنییەوە بەو شووناسەوە هاتۆتە مەیدان، لە بنکە فراوانەکەیدا لە مرۆڤی ئەوپەڕی کۆنەخوازەوە تا مرۆڤی ئەوپەڕی نوێخواز هەیە، لە سەرکردایەتییەکەشیدا بە هەمان شێوە، کەسانێک هەن خوازیاری گۆڕانکارین، خوازیاری نوێکردنەوە و ڕێکخستنەوەن، کەسانێکیش هەن خوازیاری هێشتنەوەی نۆرمە باوە کاتبەسەرچووەکانن و ئەو نۆرمانەی لە ئەمڕۆدا کارپێکردنیان دەبێتەهەنگاوی بەرەو دوواوە لە چاو ڕێڕەوی سیاسی وڵاتانی دنیا کە بە خێراییەکی موشەکئاسا بۆ پێشەوە دەچێت. بۆیە پدک وەک حیزبێک کە لە گۆڕەپانی ئەمڕۆدا کار دەکات، پێویستی بەو نۆرمانەیە کە بۆ ئەمڕۆ گونجاو بن و برەویان هەبێت، ئەمەش ڕەنگە بە هەوڵ و بە بەگشتیکردنی ئەو مەیلە (مەیلی ڕیفۆرم) بکرێت لە نێو سەرکردایەتییەکەیدا. دەشێ مەیلێکی لەو جۆرە لە بنکردایەتییەوە بڵندبکرێتەوە و گەشەی پێ بدرێ، دەشێ لە تەرح و پێشنیاری کەسانی دییەوە بێت.

لەبەر ئەوەی کەسانی خوازیاری ئەم گۆڕانە لەنێو سەرکردایەتی پدک دا هەن (ئەگەر ژمارەیان کەمیش بێت)، بۆیە دەشێ ڕووناکبیرە ئۆتۆنۆمەکان بایەخ بەو بابەتە بدەن و هاوکاری گۆڕانخوازەکانیان بن و لە وروژاندنی دیباتێکی سیاسی لەم جۆرە دەستپێخەری بکەن. بەکارهێنانی دیدگایەکی لیبرال دیموکراتی

به بڕوای من بۆ قۆناغی ئێستا دەستپێکێکی پێرفێکتە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئامادەکاری خۆیدا بۆ پێشوازیکردن لە گۆڕەپانێکی نوێی کێبەرکێی سیاسی دا بۆ خۆئۆرگانیزەکردنەوە سوودی لێ ببینێت، بۆ ئەوەی ڕێگە لەو کێشانە بگرێت کە لە پێشیدایە لە قۆناغی نوێدا.

ئەمڕۆ دوێنێ نییە کە پارتی لە دەڤەرێک و یەکێتی لە دەڤەرێک سیاسەت و بەرنامەی خۆیان بە ئاشکرا پیادە دەکرد و، هەر یەکەشیان لە دەڤەرەکەی تردا بە نهێنی سیاسەت و بەرنامەی خۆیان پیادە دەکرد. ئەمڕۆ پارتی و یەکێتی هەردووکیان لە پانتایی هەموو کوردستاندا کار دەکەن. یەکگرتنەوەی ئیدارەکان (بە چاوپۆشین لە کەموکوڕییەکانیشی) لەو پێویستییەوە سەرچاوەی گرت کە ستراتیژییەکی هاوبەشی سیاسی و تێڕوانین و ئیرادەیەکی هاوبەشی کوردانە پێویست بوو بۆ مامەڵەکردن و دانوستانی سیاسی و ئابووری چ لە سەر ئاستی گەردوونی و چ لە سەرئاستی ناوچەییدا بێ. بەبێ ئەو ستراتیژیی و ئیرادە یەکگرتووە نەدەکرا پردێکی پان لە نێوان کوردستان و جیهان دروست بکرێت. بۆیە لەگەڵ ئەم یەکگرتنەوەیەدا، دیباتێکی چڕ و کراوەمان پێویستە بۆ دروستکردنی تێڕوانینی نوێی سیاسی.

لە ئاستی ناوخۆشدا، چونکە پارتی و یەکێتی دوو حیزبن نەک یەک حیزب، کێبەرکێ و ململانێی نێوانیان ڕەوایە و مومارەسەی دەکەن. بۆ ئەوەی ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی بەکارهێنانی میتودە زەبروزەنگئامێزەکانی ڕابردوو بگرن لە مومارەسەکردنی ئەو ململانێ و کێبەرکێ حیزبایەتییەدا، هەردووکیان پێویستیان بە خۆگۆڕین و دەوروبەرگۆڕین هەیە. خۆگۆڕین نەک تەنها لە فۆرم، بەڵکە لە ناوەڕۆک و لە سترکتوور و لە کلتووریاندا. بەرنامەی حیزب شەراب نییە بە کۆنبوونی برەودارتر بێت، بە پێچەوانەوە تا هاوچەرخ بێت و لەگەڵ بارودۆخدا هاوئاهەنگ و لەگەڵ هاوکێشەکانی تردا هاوسەنگ بێت، برەودارترە و سەرکەوتووتر پراکتیزە دەکرێت. مەرج نییە ئەو گۆڕانە تەنها ئەندامە گەنجەکانی ناو حیزبێ بیکات، بەڵام مەرجە کەسانی خاوەن بیر و بیردۆزی نوێ لە نەخشەی ئەو گۆڕانەدا بەشدار بن و، مەرجە ئەوانەی کە ئاستەنگی جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی پێشکەوتوون لە نێو حیزبێکدا کاریگەرییان کەم بکرێتەوە.

لیبرالیزم وەک ئیدیۆلۆژی لە دوای کەوتنی کۆمۆنیزمەوە وەک ناوەڕۆکی دیموکراتی لە وڵاتە خۆشگوزەرانەکان دەرکەوت و پیادەکرا. ئەم ئیدیۆلۆژییە لەسەر بنەمای:

- مافی یەکسان،
- بێلایەنکردنی کلتووری ڕەگەز و توخمەکان.
- گەشەپێدانی کلتوور و سیاسەت.
- چاکترکردنی گوزەرانی خەڵک و گەشەی ئابووری وڵات.
- گەشەپێدانی هێز و وزەی مرۆیی.

بنیات نرا و پراکتیزەکرا. تیۆرییەکانی لیبرالیزم لەسەر دەستی جۆن ڕاوڵ، میشیل ساند، چارلس تایلۆر، میشیل والزەر دانران و بە گشتی ڕووانگەی لیبرالیزمیان لە بارەی:

- مافەگەردوونییەکانی مرۆڤ.
- بەشداری خەڵک لە پرۆسەی بڕیاردان.
- دروستکردنی پرد لە نێوان گەلان و گەشەپێدانی هاوهەستییەکلتوورییەکان و نەریتەکۆمەڵایەتییەکان.

دەربڕی و ڕوون کردەوە. بەو پێیە دیدگای دیموکراتییان لەبارەی لیبرالیزمەوە دەخستە ڕوو. واتە بەلەبەرچاوگرتنی هاودۆخی و جیادۆخی کلتوور خاڵی دەستپێکی فرەکلتووری بوو، بەو مانایەی کە کلتوورە جیاوازەکان، یەکتری دەوڵەمەند دەکەن و، مرۆڤەجیاوازەکان بەداهێنانەکانیان یەکتری بەهرەمەند دەکەن.

فرەکلتووری خۆی لە خۆیدا دەوڵەمەندییە و سیمایەکی لیبرانەتر دەداتە دیموکراتی پیادەکراوی نێو حیزبێک. کۆکردنەوەی بیر و توانا و ئەزموونە لێکنەچووەکان لە ژێر چەتری حیزبێکدا کە چەتری دیموکراتیە، هەوڵی لیبرالیزەکردنی کلتووری ئەو حیزبەیە و، هاوکات ڕزگاکردنی دیموکراتییەکی کلاسیکییە لەو بازنەی کە بەدەوری ئەندامانی حیزبدا کێشاویەتی و لە جیهانی دەرەوەی خۆی دایبڕیووە.

دیموکراتی لیبڕاڵ ئەو ڕێبازەیە کە شێوەی بازنەیی و، کلتووریی بازنەیی داخراوی حیزب ڕەت دەکاتەوە و، دەرگایەک یان چەند دەرگایەک دەکاتەوە بۆ هێنانەناوەوەی وزەی نوێی نیوتراڵ و، توانای هەمەلایەنی نوێ کە لە ناو ئەو تانوپۆیەدا ، کە تانوپۆیەکی کراوەیە، وزە و تواناکان لە خزمەتی گەشەپێدانی خەڵک و وڵاتدا خەرج دەکات، بەڵام لەکەناڵی حیزبێکەوە. ئەم کردەیە دەبێتە جەنەرەیتەرێکی بەردەوام بۆ وزەدان بە حیزب و لە ڕێگەی ئەویشەوە بە خەڵک و وڵات، هەروەها دەبێتە کۆکلیلێک بۆ کردنەوەی دەرگاداخراوەکانی نێوان حیزب و خەڵک و، دامودەزگاکانی حیزب و خەڵک، کە ئەمە لە ئێستادا لە کوردستان لە نێوان هەموو حیزبەکان و خەڵکدا هەستی نامۆیی و بەربەست و دیوار و دەرگای داخراوی زۆر هەیە. بۆیە ئەم دیدە لە ئەمڕۆدا دەتوانێ بایەخێکی گەورە پەیدا بکات لە لای ئەو حیزبانەی کە دەیانەوێت مەودای نێوان خەڵک و خۆیان کەم بکەنەوە، بەڵام نازانن چۆنی بکەن.

ئۆتۆنۆمی تاک (سەربەخۆیی تاک)، کە لە کلتووری سیاسی ئێمەدا زیاتر بە (کەسی بێلایەن) ناوبراوە، دەتوانێ لەگەڵ بەشێکی بەرنامەی حیزبێکدا کۆک بێت نەک هەموو بڕگە و بابەتەکانی بەرنامەی حیزبەکە، بۆیە دەتوانێ بە خستنەگەڕی توانا فیکرییە ئۆتۆنۆمەکەی، گەشە بەو بڕگە و بەشانەی بەرنامەی حیزبەکە بدات بێ ئەوەی ناچاربێت یان ناچاربکرێت لە قاڵب بدرێت. چونکە هەر لەقاڵبدانێک کوشتنی وزەی داهێنانە لە تاکدا، کە ڕەفتارێکی خوازراو نییە و حیزب دەکاتە زیندانی تاک. بەڵام پێچەوانەی ئەمە و بەهرەمەندبوونی حیزب بە دیدی دیموکراتییەکی لیبڕاڵ و لە پرۆسەیەکی زەمەنی کەم مەودادا، دەتانێ وزەجیاوازەکان بڕژێنێتە نێو حەوزی خۆیەوە و تەنها لەو دۆخ و شێوازەدا دەتوانێ ببێت بە حیزبی پێشڕەو.